

## دیسان کچە کوردیکی 18ساڵ لەهۆڵەندا

## لەژێرناوی پاریزگاری لەشەرەفدا قەسابی دەکریت !

رۆژی شەممە 15ئەم مانگە لەشاری کۆلەمبۆرخ _ هۆلەندا کچیکی کوردی تەمەن 18ساڵ بەناوی "چیمەن کۆچی"، لەژێر ناوی پاریزگاری لەشەرەف خیزانەکەیدا،لەلایەن برایەکی کچەکە خۆیەوە بەبەرچاوی دایك وخوشکەکەیەوە بەوەحشیانەترین شیوە بەچەقۆ قەسابی دەکریت.تاوانی چیمەن تەنها ئەوەبوو کەلەدەرەوەی فەرهەنگ ورەسم وعادەتی خیزان وکۆمەلگاکەیدا خۆشەویستی کردووە.وەکو هەر مرۆڤیکی دیکە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوریکدا دەبەستیت کوردزمان نییە،ودوو هەفتە بەر لەکوژرانی منالیکی لەدایك دەبیّ.

چیمەن لەدایکبووی سالی 986 لەناوچەی سەرتەنگی کوردستانە،ولەتەمەنی شەش سالییەوە لەگەڵ خیزانەکەیدا هاتۆتە هۆلەندا. چیمەن کەدوور لەفەرهەنگی پیسی پیاوسالاری وناموسپەرستی باو لەکۆمەلگای کوردەواریدا گەورەبووە ولەناو فەرهەنگی پیشکەوتوو وسکۆلاری ئەوروپاییدا پیّ گەیبوو، هەلبژاردنی خۆشەویستی خۆی،ئازادانە وبەخواست وئیرادەی خۆی،بەبی پرس ورا بەهیچ کەسیّ بەمافیکی سەرەتایی ونۆرمالی خۆی دەزانی.مومارەسەکردنی ئەم مافە بوو کەبووە هۆی پچرانی پەتی تحملی براکانی وچاویان بەبینینی هەلنەدەهات، وشیت بوون.بۆیە کەوتنە پیلانگیران لەدژی چیمەن.چیمەن لەسەرەتای پەیوەندییەکەیەوە ئەکەویتە بەردەم هەرەشەو گورەشەوە بۆ ئەوەی واز بهینیت.براگەورەکەی لەکوردستانەوە دیت بۆ هۆلەندا بەمەبەستی ئەوەی چیمەن بباتەوە بۆ کوردستان وبەزۆر بەشووی بدا. بەلاّم ئەو ملیان پیّ نادا وبۆ بەرگری لەخۆی ولەخۆشەویستییەکەی خیزان بەجیّ دەهیلی وپەنادەباتە بەر خانووی پاریزگاری ژنان(Opvanghuizen) لەهۆلەندا.بەلاّم دواتر خیزان وبراکانی دەکەونە هەولی فریودانی بەمەبەستی کوشتنی.براگەورەکەی دیسانەوە لەکوردستانەوە بەتەلەفۆن قسە لەگەڵ چیمەن دەکات وبەلینی پیّ دەدات کەئەگەر بگەریتەوە مالەوە هیچی لیناکەن وئەتوانیّ لەگەڵ منالەکەیدا ئاسایی بژی.بەداخەوە چیمەن فریو دەخوا ودەگەریتەوە مالەوە.بەلاّم چی روودەدات ؟!

بەپیی راپۆرتیکی سکرتیری فیدراسیۆنی خانووەکانی پاریزگاری ژنان لەهۆلەندا(L.Smits) لە2دووسالی رابردوودا 7حەوت ژن بەبەهانەی شەرەفەوە بەتەنها لەهۆلەندا کوژراون،کە2دوو حالەتیان لە2دوو مانگی رابردوودا بووە.هەرلەو راپۆرتەیدا دەلیت، ئیستا (2200) ژن لەخانووەکانی پاریزگاری ژناندا دەژین کە(100) ژنیان لەبەردەم مەترسی کوشتنی حەتمیدان.ئەمانەو دەیان کارەساتی تری لەمجۆرە کەلەوولاّتانی ئەوروپاییدا ئەنجامدراون، ئاکامی سایەی رەشی فەرهەنگ وسوننەت ورەسم ویاسایەکی پیاوسالاری وناموسپەرستانەن،کەلەلایەن ناسیونالیزم وئیسلام ودواکەوتووییەوە، سەپینراون بەسەر کۆمەلگای کوردستاندا،و وەکو ئایدیۆلۆژیا وسیاسەتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی دەسەلاّتدار 14ساله ژنانی کوردستانیان لەگەڵ ئەوپەری بیّ مافی وهەلاّواردنی جنسی بیّ پەردەدا بەرەورووکردۆتەوە وشالاّوی ئاگری جەنگی سەلیبی لەدژی ژنانیان بەرداوەتە جەستەی کۆمەلگای کوردستان بەبیانووی پاراستنی شەرەفەوە، بیگومان هەر ئەم بەربەریەتە وئەم فەرهەنگەش راپیچدەکەن بۆ

کۆمەلگاکانی ئەوروپا.ئەمە چەندین سالە ناوجەرگەی شارەکانی کۆمەلگاکانی رۆژئاوایی بوونەتە مەیدانی چالاکی ناموسپەرستان وژیانی ژنانی پەنابەر تیایاندا قەسابی دەکریت.ئەم کارەساتە دلتەزینانە نیشانی دەدەن کەدەولەتانی بۆرژوایی ئەوروپا ولەوانەش حکومەتی هۆلەندا،لەژیرناوی "فرەکولتووری"دا سیاسەتیك بەریوە دەبەن کەدەستی ئیسلام و"فەرهەنگی خۆوولاتی"وناموسپەرستی وهەموو ئەم دەستدریژی وپەلامارانە بۆسەر ژنانی پەنابەر رادەگرن وزۆرجاریش پاساوی تاوانەکانیان بۆداون.سیاسەتی کەمپسازی خیزانی پەنابەران ودابرینیان لەکۆمەلگاکانی ئەوروپا،کردنەوەی مزگەوت وخانووی قوئان خویندن،بەزۆر حجابکردن بەمنالان،تادەگا بەدانانی قوتابخانە دینییەکان وفەرامۆشکردنی ژیانی ئەوکچانەی کەهەموو رۆژە لەبەردەم زەبری توندوتیژی خیزانەکانیاندان،گۆشەجیاجیاکانی سیاسەتیکی راسیستییە کەئەم دەولەتانە لەبەرامبەر ژنان وکچانی پەنابەردا بەریوەی دەبەن.

هەرئیستا کەئەحزابی ناسیونالیستی کورد بەتووندی سەرقالی بەخشینەوەی بەلینی ساختە ودرۆن بۆ فریودانی خەلکی کوردستان لەپیناوی پەلکیشکردنیان بۆناو گالتەجاری هەلبژاردن،وشەرم نایانگریٚ ودەم دەژەننە باسکردن لەماف ودەوری ژنان، رۆژنییە لاشەی لەتوپەتکراوی ژنیٚ لەکەناری شارەکانەوە نەدۆوریتەوە، یاکچیك خۆی نەسووتینیت، یاخود یەکیکی ترخۆی دەرمانخوارد نەکات. توندوتیژی ودارکاریش لەدژی ژنان وکچان بابووەستیٚ.هەرلەهەفتەی پیشوودا بوو کەهەوالی رەشبوونەوەی هەردوو قاچی ژنیك بەناوی "هەورە"وە بلاوبووەوە کەلەلایەن میردەکەیەوە بەپلایس گۆشتی لی پچریوە.ئەم حیزبانە تەواوی دەسەلات وسەروەتی بائاوەردەیان خستۆتە خزمەتی زەمینەخۆشکردن بۆ دواکەوتووانەترین وکۆنەپەرستانەترین کەشوهەوای ئیسلامی وقەومی وعەشایەری،وباوەشینکردنی دەمارگیری پیاوسالاری وناموسپەرستانە لەکوردستان،بەجۆریك کەشەرعییەتدان بەقەسابیکردنیان بەبیانووی لەکەداربوونی شەرەفیانەوە، بۆتە دیاردەیەکی ترسناکی کۆمەلگای کوردستان.کەچی دەولەتی هۆلەنداش بۆشەرعییەتدان بەدەسەلاتی ئەم حیزبانە کوردستان بەشوینیکی ئەمن وئاسایش لەقەلەم دەدات.

ریکخراوی ئازادی ژن لەعیراق بەتووندی ئەم تاوانە دلتەزینەی کوشتنی "چیمەن" محکوم دەکات ودەولەتی هۆلەندا بەبەرپرسی رووداني ئەم کارەساتانە دادەنیٚ،وەدابینکدرنی ژیان وئاسایشی ژنان وکچانی پەنابەر ئەخاتە ئەستۆی ئەو دەولەتەوە.لەهەمان کاتدا خوازیاریشە کەبکوژی چیمەن توندترین سزای یاسایی بۆ دەربکریت.هەر لەم راستایەشدا ئامادەیی تەواوی خۆی رادەگەیەنیٚ کەتەرحی عملی وکارسازی هەیە بۆ بەرگرتن بەم دیاردەیە.

لەکۆتاییشدا داوا لەتەواوی ریکخراوەکانی ژنان وحیزبە سیاسییەکان وکەسایەتی وسەرجەم خەلکی ئازادیخوازی هۆلەندا وجیهان دەکەین،کەبۆ بەرگرتن بەم کارەساتانە،پشتیوانی لەخەباتی یەکسانیخوازانەی ژنانی عیراق وکوردستان بکەن،لەپیناوی ئازادی ویەکسانی ودامەزراندنی دەولەتیکی عیلمانی لەعیراق وکوردساندا کەسەرجەم مافەکانی ژنان مسۆگەر بکات.


ئەستیرە محمد فاتح

نوینەری ریکخراوی ئازادی ژن لەعیراق _ هۆلەندا

24کانوونیدووەم2005

تەلەفۆن 0610107347

Astera68@hotmail.com